# لەبارەی هۆكارەكانی دریژەكیشانی دیاردەی كوشتنی ژنان لەكوردستان

## سەوسەن سەلیم لەوەلام بە چەند پرسیاری هەفتە نامەی "هاولاتی"

من ناوم سەوسەن سەلیم , بەرپرسی رێكخراوی ژنانی پەنابەری كوردستان لە بەریتانیاكەلە سالی **1998** دامان مەزراندوە تا ئیستا كاری جدی بۆ ژنانی كورد لە بەریتانیا ئەو ژنانەی كە كیشەی توندو تیژی خێزان و هەرەشەی كوشتنیان لەسەرە دەكەین، وە نوینەری دەرەوەی رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بووم تا سالی **2000** دوای داخستنی ئەم رێكخراوەیە لەلایەن یەكیتی نیشتمانی كوردستانەوە.

**1**- ئایا بۆچی كوشتنی ئافرتان لە كوردستان لە بەردوامبوندایە، ئەگەرچی ئێستا رۆژ بەرۆژ دامەزراوە و رێكخراوی زیاتر بۆ داكۆكیكردن لە مافەكانی ژنان دادەمەزرێت؟

سەوسەن سەلیم: بەرای من دریژە كیشانی دیاردەی كوشتنی ژنان، سەرەرای لەئارادابوونی چەندین رێكخراوی ژنان بۆ دوو هۆكار ئەگەریتەوە: یەكەمیان نەبوونی دەولەت لەكوردستان ودووەمیان سروشتی رێكخراوەكانی ئیستای ژنانە.

سەرەتا هەلواسراوی ونادیاری چارەنوسی كوردستان و بەم مانایەش نەبوونی دەولەت، بەپێویست بزوتنەوەی ژنان و رێكخراوەكانی لەبەردەم ئاسۆیەكی داخراودا راگرتووە. دەسەلاتێك كەئیستا لەكوردستاندا بەرقەرارە، دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی و بان خەلكێیە و بەرهەمی بارودخێكی سیاسیـیە كەبەدوای شەری كەنداودا هاتوتەكایەوە. ئەحزابێك كەئەم دەسەلاتەیان بەزۆری چەك راگرتووە، لەناوەرۆكدا هەلگری فەرهەنگی پیاوسالاری وجیاكارییەو سەرچاوەی پەرەپێدانی توندوتیژی سیاسی و كۆمەلایەتییە. ئەم ئەحزابانەو دەسەلاتەكەیان جگەلەوەی كەلەماوەی **16** سالی رابردوودا نەیان توانی ونەیان ویست دەولەت و دەسەلاتێكی مۆدێرن و مەدەنی دامەزرینن، كەتیدا ژنان لەچنگی فەرهەنگی دواكەوتوانەی پیاوسالاری و دینی وخێلەكی رزگاریببێ، بەلكو هەمیشە مەسەلەی ژنان و ماف وئازادی ئەوانیان وەك كارتێكی سیاسی بۆ راكیشانی هیزە ئیسلامییەكان بەكارهێناوە وكردویانەتە بابەتێك بۆراگرتنی بالانسی فەرهەنگی كۆنەپەرستانە لەنێوكۆمەلگادا. لە پیداهەلدان بەدەستوری ئیسلامی وعروبی عیراق وناساندنی وەك دەستكەوتێك بۆ"گەلانی عیراق"ەوە تا كۆپی لیهەلگرتنی ئەم دەستوورە وپیشنیاركردنی وەك دەستوری هەرێمی كوردستان، تا ناسینی ئاینی ئیسلام وەك موقەدەساتی نەتەوەیی و جێگە پیدان بەمەلا وسەرۆك عەشیرەت وژیانەوەی داب و نەریتی رەگەزپەرستی و پیاوسالاری، هەمووی ئەمانە راگرتنی ژنانە لەژێرسایەی ئەو فاكتۆرانەدا كە توندوتیژی و رەشەكوژی ژنانی لێدەكەویتەوە. ئەمە سەرەرای ئەوەی كە دەسەلاتدارانی ئێستاو حیزبەكانیان لەسەرەتای سالانی **90**دا خۆیان دەستپیشكەی و داهینەری كوشتنی ژنان بوون بەناوی "حەملەی تەسفیەكردنی ژنانی بەدرەوشت و بەعسیەوە" . لەیەك وتەدا ئەگەر ئەم دەسەلاتە وحیزبەكانی بەسەرچاوەی فەساد و گەندەلی بناسریتەوە ئەوا كوشتنی ژنانیش لەبوعدی كۆمەلایەتی و پەیوەندییەكانی تاكی ژن بەدەسەلات و قانونەوە دیاردەیەكی تەواوكەریەتی. لەبەرامبەر وەها دەسەلاتێكدا بزوتنەوەی ژنان كەبەپێی پێناسەو سروشتەكەی هەلگری ئامانجێكی چاكسازی و پێكهینانی ریفۆرمە لەكۆمەلگادا بەقازانجی ژنان ومافەكانیان ئەو هەلومەرجەی لەبەردەمدا نییە كەمەسەلەی دانانی یاسا و دەستوری دەولەت و جێگیركردنی مافەكانی ژنان وەك

رێگایەك  بۆ دورخستنەوەی دیاردەی کوشتن و توندوتیژی ولەبەرامبەر ژناندا بەدی بهێنییَ. بەتایبەتی کە رێکخراوەکانی ئیستای ژنان ئەحزابی سیاسی نین تا لەرێگای ئامانجی گرتنی دەسەلاتەوە بتوانن ئالوگۆری ریشەیی لەدەسەلاتی ئیستادا بەدەبیهینین ومافەکانی ژنان وکوللی ئەویاسایانەی کە توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانیەوە لەژیانی ژنان دوردەخاتەوە جێگیربکات. لەمبارەوە نمونە زۆرە بەلام تەنها هێنانەوە بیری کەیسی مهاباد عەبدوللا و ساله موزەلی بەسە بۆئەوەی کەچۆن بەهۆی نەبوونی دەولەتەوە سولحی عەشایری جێگای یاساو دادگا بگریتەوە. ئەمە لەکاتێکدا هەر خودی ئەو دەسەلاتەدا لەژیر فشاری دەورەیەك لەخەباتی ژناندا یاسای ژمارە 59 ی بەنیوەناچل لەبەرامبەرکوشتنی ژناندا دەرکرد بەبیَئەوەی هیچ کەس کاری پێبکات.
بەلام لایەکیتری ئەم باسە بەسروشتی رێکخراوەکانی ئیستای ژنان خۆیانەوە دەگەریتەوە. ئەم رێکخراوانە کەبەشێکیان دروستکراوی دەستی ئەحزابی دەسەلاتداران و لەژێر سایەو پرۆژەی سیاسی ئەواندا پێکهاتوون، زۆرتر ئەرکیان تەبریرکردنی سیاسەت و کارنامەی بۆگەن  ودژە ژنی دەسەلاتی ئیستایە (لەمبارەوە شاکارترین نمونە هەلویستی هەردوو رێکخراوی ئافرەتان و یەکیتی ژنانی سەربە پارتی و یەکیتی نیشتمانیيە بەرامبەر بەدەستوری پیشنیاری هەرێم) تا ئەوەی بەکردەوە بەرنامەیەکیان بۆ بنەبرکردن و راوەستاو بەرەشەکوژی ژنان هەبیت، بەشەکەی تریشیان ئەو ریکخراوانەن کەزۆرتر خۆیان لەچوارچێوەی ئەرکەکانی "رێکخراوی کۆمەلگای مەدەنی"دا پێناسەدەکەن و دەیانەویت بەکاری هوشیارکردنەو پێکهینانی گروپی فشار بۆسەر دەسەلاتداران وەزعیەتی ژنان بگۆرن، لەکاتێکدا ئەم ریچکەیە لەغیابی نەبوونی دەولەتێکی مۆدیرن و دامەزراو کارێکی مەحالە. بەبروای من بزوتنەوەیەکی ژنان و کۆمەلەی ئەو ریکخراوانە دەتوانن رۆلی کاریگەر لە راگرتنی شەپۆلی ژنکوشتن لەکوردستاندا بگێرن، کەخۆیان بەبەشێك لەبزوتنەوەیەکی سیاسی رادیکال  و چەپ وسەبەرخۆ لەدەسەلات پێناسەدەکەن کەئاسۆی دامەزارندنی دەولەتێکی سکولاری نەقەومی ونەئاینی لەبەردەم خۆیان  داناوە.

2- ئایا رِێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان و پەرلەمانتارە ژنەکانی کوردستان و وەزیرە ژنەکانی کوردستان بۆچی هەڵوێستی جدی وەرناگرن لەبەردەم کوشتنی ژنان بە بیانوی جیاجیا؟
ئەگەر هەڵوێستیان وەرگرتووە بۆچی نەبۆتە رِێگری لەبەردەم ژنکوژیدا لە کوردستان؟

سەوسەن سەلیم: لەپێشدا ئەوەبلیم ئەو ریکخراو وپەرلمانتارە ژنانەی جێگای ئاماژەی ئیوەیە بزوتنەوەی ژنان و مافەکانیان ئەوانیان بەوشوێنە نەگەیاندووە وزیاتر ئەوانە دیکۆر و مودێلاتێکن کەبۆ جوانکردنی دەسەلاتی ئێستا دانراون ولەچوارچێوەی پەرلمان و دیموکراسیيەکدا شوێنیان هەیە کەفەساد و گەندەلی و خودی ئەم دیاردەیی کوشتنی ژنانی بەرهەم هێناوە. پاشان لەچ  شوینێکی دنیادا بووە کەپەرلەمانتاری ژنان وئەو رێکخراوانەی سەبەر دەسەلات وحیزبەکانییەتی، بوونەتە وەسیلەیەکی سەرفرازی بۆ ژنان. بەتایبەتی بۆ رێکخراو و پەرلمانتارە ژنگەلێکی وەك ئەوەی کەلەکوردستان لەپال دەسەلاتێکی سەرکوت و میلیشیادا راوەستاوە وخویان بەبەشێك لە وئەحزابانە دەزانن کەبەپیی ماهیەت وبەرنامەی کاریان پێچەوانەن لەگەل ماف و ئازادیيەکانی ژناندا. دروستکردنی ئەم رێکخراوانە هیچ کات بەمانای هاندانی ژنان نەبوە بۆ داکۆکی کردن لەمافە ئینسانی و مەدەنیەکانیان، یان بۆ بەرگری کردن لەمافی ئازادی هەلسورانی سیاسی ئافرەتان ورێکخراوبونیان، بەلکو زیاتر دەزگایەك بوون بۆ بردنە

پێشەوەی ئەهداف وئامانجە سیاسیەکانی حزبی دەسەلاتداروبەلاریدا بردنی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ئافرەتان ودانانی ژنان وەك جبهەی خلفی ولەراستای بردنە پێشەوەی چەند ئەرکێك کە بزوتنەی چەکداری وناسیونالیستی کورد پیویستی پێیەتی.

3- ژنانی بوێر و رێکخراوەکانی ژنان بۆچی نەیانتوانیووە لە رێگەی یاساوە رێگری بکەن لە کوژرانی هاو رەگەزەکانیان، لە کاتێکدا کە ئێستا ساتەوەختی گۆڕین و دانانی یاسای نوێیە لە پەرلەمانی کوردستان؟

سەوسەن سەلیم: لەپیشەوە دەبی مەعلوم بکری گۆرینی کام یاسا! ئاخر کەدەولەت نەبوو کام یاسایە مانای هەیە تائەگەر بگۆردریت ئالوگۆر بەسەر وەزعی ژناندا بێت! پاشان ژنان و بزوتنەوەکەیان ئەم رێگایەشیان گرتوە، نمونەی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان کەلەسالی **1998** دالەلایەن پارتییەوە و لە **2000**دا لەلایەن یەکێتیەوە سەرکوتکرا، بەوهۆیەوەبوو کەداوای گۆرینی یاسایی باری کەسیتی دەکرد وپێشنیازی قانونی یەکسانی ژن وپیاوبوو وەك بنەمایەك بۆرێکخستنی سزا و دادگا و ماف و ئازادییەکانی تاکی ژن لەکومەلگای کوردستاندا..کەچی کەوتە بەرهێرش وبەرەسمی قەدەغەبوونی راگەیندرا. لەم نمونەیەدا دەمەوێت بلێم ژنانی بویر هەولیان داوە و تیکوشاون بەلام ئەوە دەسەلاتی میلیشاییە کە نەیاسا ونەماف و نە ئازادی لای مانای هەیە تا بتوانری بیگۆری.
ئەوەشی کە جێگای ئاماژەی پرسیارەکەتانە کاتێك دەلیێن "ئێستا ساتەوەختی گۆرین و دانانی یاسای نوییە لەپەرلمانی کوردستان" دەبی ئەوە بیلم ژنی بوێر چۆن بتوانێ لەدەستورێکدا یاسابگۆرێ کەچیتر ژنان نەکوژری، لەکاتێکدا خودی ئەو دەستوورە نەك هەر هیچ جێگایەکی بۆ ژنان وخەباتی چەند سالەی رێکخراوەکانیان لەدارشتنیدا بەحساب نەهێناوە، خۆی بەرهەمی تەوافقاتێکی سیاسی کۆنەپەرستانەی نیو بارودۆخەکانی ئیستای عیراقە کە رەوتی ئیسلامی وعروبی تییدا بالادەستە. تەنانەت بابیهینینە بەرچاو ئەگەر ژنان داوای جیایی دین لەدەولەت بکەن(هەروەك کردویانە) ئایا یەکیتی وپارتی بەخاتری فیدرالیزم و مادەی **140** وقانونی دابەشکردنی سەروتی نەوت و .. دەتوانن شتێکی پێچەوانە لەوەی ئیسلامیيەکان لەدەستوری عیراقدا جێگیریانکردووە بۆکوردستان پەسەندبکەن! ئایا ئەم حیزبانەو دەسەلاتەکەیان ئامادەن لەبەرخاتری ژنان و مافەکانیان نێوانی خۆیان لەگەل مالیکی و عەبدولعەزیز وسیستانی تێکبدەن!! ئەوەی ئیتر رۆشنە ئەوەیەکە نەژنانی نیوپەرلمان ونە هیچ ریکخراوەیەك کەلەدەوری سەرانی پەرلمان وسیاسەتەکی کۆبوونەتەوە، ناتوانن لەبازنەی دەستوری ئیستادا ئالوگۆری ئەوتووی یاسایی بەدەست بهینن.
بەهیوای هاوکاری بەردەوامتان.